# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٧١)سالی بیست و یەکەم | ٩ ئەیلول ٢٠٢١ ز. | ١٨ گەلاوێژ ٢٧٢١ کوردی | ٢ سەفەر ١٤٤٣ کۆچی

271



**یاسای ژمارە (٧)ی سالی ٢٠٢١** ل ١

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١٩ یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە لەسنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لەهەرێمی کوردستان – عێراق

**یاسای ژمارە (٩)ی سالی ٢٠٢١** ل ٥

یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕەسمی پولی ئیتیحادی ژمارە (٧١)ی سالی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**یاسای ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠٢١** ل ٧

یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی عێراقی ژمارە (٢٠)ی سالی (١٩٩٨)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٧) سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١١

ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی هاوردەکراو

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠٢١ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ١٨

تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان_عێراق

**بەیانی ژمارە (٢٩ - ٣٠) سالی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٤



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info



نرخی (١٥٠٠) دینارە

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٧١) الحادي والعشرون    ٩ أيلول ٢٠٢١ م.    ١٨ گەلاوێژ ٢٧٢١ك.    ٢ صفر ١٤٤٣ هـ.

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


# 271


**قانون رقم (٧) لسنة ٢٠٢١** ص ٢٥

قانون التعديل الأول للقانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٩ قانون تمليك الأراضي المتجاوز عليها ضمن حدود البلديات في إقليم كوردستان ـ العراق

**قانون رقم (٩) لسنة ٢٠٢١** ص ٢٨

قانون إنفاذ وتعديل تطبيق قانون رسم الطابع الإتحادي رقم (٧١) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان – العراق

**قانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٢١** ص ٣٠

قانون إنفاذ وتعديل تطبيق قانون الاستثمار الصناعي للقطاعين الخاص والمختلط العراقي رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٨ المعدل في إقليم كوردستان – العراق


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ١١

**تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ١٨

**بيان رقم (٢٩-٣٠) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ٢٤



No.: 271 Date: September 9, 2021 Vol.: 21



چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤ - ٠٦٦


سعر (١٥٠٠) دينار

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٩)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٧)ی رۆژی ٢٠٢١/٧/٦ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩**
**یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە لەسنوری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لەهەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١)**

بڕگەکانی (یەکەم) و (دووەم) لە ماددەی (١)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە، لەگەڵ زیادکردنی دوو خاڵ بە زنجیرەی (٢) و (٣) بۆ بڕگەی (یەکەم) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:**

١- **زێدەڕۆکار**: بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە، ئەو کەسەیە کە بە زێدەڕۆیی خانوویەکی دروستکردووە یـان تێـدا نیشـتەجێیە یـان میراتگـرە شـەرعییەکانی، یـان ئەوانەی بە حـوکمی ئەم یاسـا بـۆ بەخێوکردنیان راسپێردراوە.

٢- **سوودمەند**: بـۆ مەبەسـتەکانی ئەم یاسـایە، ئەو کەسـەیە کە لەدوای سـاڵی ١٩٩١ زەوی یـان یەکەی نیشتەجێ بوونی بە هەر هۆکارێک وەرگرتبێت، جگە لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا.

٣- ئەو کەسانەی چ سروشتی بن یان مەعنەوی، و لە چوارچێوەی پڕۆژەکـانی نیشـتەجێبوون لەلایەن دەسـتەی وەبەرهێنـان یـان دامەزراوەیەکـی تـری حکـومی مۆڵەتییـان پێـدراوە، و زێـدەڕۆییان لە دەرەوەی سنووری ڕێپێدراو کردووە، حوکمەکانی ئەم یاسایە نایـانگرێتەوە و زێـدەڕۆییەکانیان بـۆ بەخاوەن ناکرێت.

**دووەم**: شـــارەوانییەکان دەتـــوانن ئەو زێـــدەڕۆکارەی کە پـــێش ڕێکەوتـــی ٢٠٢٠/١٢/٣١ خـــانووی نیشـتەجێبوونی بە زێـدەڕۆیی دروسـت کـردووە، بکەنە خـاوەنی ئەو زەویـیەی خـانووەکەی لەسـەر دروسـت کـراوە و مـوڵکی دەوڵەتە، جـا چ مـوڵکی تەواو بێـت یـان مـافی رەفتـارکردنی لەسـەر بێـت، بەمەرجێک بکەوێتە ناو سنووری شارەوانییەکان و لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون بێت، بەپێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٢)**

بڕگەكانی (**سێیەم**) و (**چوارەم**)ی ماددەی (٢)ی یاساكە یەكدەخرێت ڕێزبەندی بڕگەكانی تر بەوپێیە ڕێكدەخرێنتەوە و بڕگە لێكدراوەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**سێیەم**: پێویستە زێدەڕۆكار داواكاریەكی نووسراو، لە ماوەیەكدا كە لە (١) یەک ساڵ لە ڕێكەوتی بەركاربوونی ئەم یاسایە تێپەر نەكات، پێشكەش بە سەرۆكی یەكەی كارگێڕی بكات بۆ مەبەستی بەخاوەنكردن.

**ماددەی (٣)**

بڕگەكانی (**یەكەم**) و (**دووەم**/ ١، ٢) و (**چوارەم**)ی ماددەی (٣)ی یاساكە هەموار دەكرێتەوە، و بڕگەیەک بە زنجیرەی (**پێنجەم**) زیاد دەكرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەكەم**: لیژنەیەكی باڵا بە سەرۆكایەتی پارێزگار یان سەرۆكی یەكە كارگێڕییەكان، و ئەندامییەتی لایەنە پەیوەندیدارەكان لە وەزارەتەكانی داد، دارایی و ئابووری، شارەوانی و گەشت و گوزار، كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق پێكدەهێنرێت، بەمەبەستی تاوتوێ كردنی داواكارییەكان و دڵنیابوون لە هاتنەدی مەرجە پێویستەكانی بە خاوەنكردن، و لیژنەی باڵا دەتوانێت لیژنەی لاوەكی لە شارەوانیيە پەیوەندیدارەكان بۆ ئەنجامدانی ڕێكارە تەكنیكیە پێویستەكان پێكبهێنێت.

**دووەم**: بەهای ئەو زەوییانەی زیادەڕۆییان لەسەر كراوە بە خانووی نیشتەجێبوون، نرخەكانیان بەم شێوەیە دەخەملێنرێت:-

١- ئەگەر ئەو زەوییەی زیادەڕۆیی كرابووە سەر لەلایەن شارەوانییەوە پێش زیادەڕۆیی كردنە سەری جیاكرابێتەوە، نرخەكەی بە بڕی (٢٥٪) لە سەدا بیست و پێنجی نرخی ڕاستەقینەی زەوییەكە دەخەملێنرێت، و زێدەڕۆكاریش بە سوودمەند ئەژمار دەكرێت.

٢- ئەگەر زێدەڕۆكار سودمەند بوویێت لە دەوڵەت، لەكاتی بەخاوەن كردندا بڕی (١٠٪) سەدا دە لە نرخی ڕاستەقینە دەخرێتە سەر نرخی ئاماژەپێكراو لە خاڵی (١)ی سەرەوە.

٣- ئەگەر ئەو زەوییەی زیادەڕۆیی كرابووە سەر ، پێشتر لەلایەن شارەوانییەوە جیانەكرابێتەوە ، نرخەكەی بەبڕێک دەخەملێنرێت كە لە (٥٪) پێنج لە سەدی نرخی ڕاستەقینەی زەویەكە كەمتر نەبێت.

٤- هەر زێدەڕۆكارێک خۆی نیشتەجێی خانووە زێدەڕۆیەكە نەبوو، و بە بەرامبەر یان بێ بەرامبەر كەسێكی تری تێدا نیشتەجێ بوو، لە كاتی بەخاوەنكردندا بڕی (١٠٪) دە لە سەدی نرخی ڕاستەقینە دەخرێتە سەر نرخی ئاماژەپێكراو لە خاڵەكانی (١، ٢ ،٣)ی سەرەوە بەپێی حاڵەتەكان.

**چوارەم**: لیژنەی باڵا بۆی هەیە بە خاوەنکردن ڕەتبکاتەوە ئەگەر شوێنی خانووەکە سەرپێچی بوو بۆ ماستەر پلان یان نەخشەی کەرتی، و زێدەڕۆییەکەش لادەبرێت لەسەر ئەرکی شارەوانی لادەبرێت و زێدەڕۆکار مافی ڕەفتار کردن بە پاشماوەکانی دەبێت، و شارەوانی پەیوەندیدار لە سنووری خۆی بە پارچە زەوییەکی نیشتەجێ کە ڕووبەری لە (٢٠٠ م٢) دووسەد مەتر دووجا زیاتر نەبێت، بەبێ بەرامبەر قەرەبووی زێدەڕۆکار دەکاتەوە.

**پێنجەم**: هەر زێدەڕۆکارێک بۆی هەیە تەنها یەک خانووی زێدەڕۆی بەناو بکرێت.

**ماددەی (٤)**

ماددەی (٤)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

ماددەی (٤): ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار، پابەند نەبێت بە پێدانی نرخی دیاریکراو یان خەملێنراوی هاتوو لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٣)ی ئەم یاسایە، یان مەرجەکانی هاتوو لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە نەیگرێتەوە، ئەوا مافی بەخاوەن کردنی نامێنێت و خانووەکەی بە زەوی و ئەوەی لەسەری دروستکراوە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێ، و بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق دەفرۆشرێت، و لە بەرامبەری فرۆشتنەکەی بەهای دروستکراوەکان بەشێوەی شایستەبوونی بە تێکدراوی (مستحقة القلع) دەدرێت بە خاوەنەکەی.

**ماددەی (٥)**

ماددەی (٦)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٦): وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و نەخشەو دیزایینی ئامادەکراوییان نییە، لە ماوەیەک کە لە (دوو ساڵ) لە ڕێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات، نەخشە و دیزاین و پێداویستی تەکنیکی ئامادە دەکات.

**ماددەی (٦)**

ماددەی (٧)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

ماددەی (٧): داهاتە بەدەستهاتووەکان بەپێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت.

یەکەم: ڕێژەی (٧٠٪) حەفتا لە سەدی داهاتی بەدەستهاتوو دەگەڕێندرێتەوە بۆ وەزارەتی (شارەوانی و گەشت و گوزار)ی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و بۆ پێویستییەکانی دانانی نەخشە و دیزاینی ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەگەڵ هاندانی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەشدارن لەڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

دووەم: ڕێژەی (٣٠٪) سی لە سەدی داهاتی بەدەستهاتوو بۆ خەزێنەی گشتی هەرێم دەگەڕێندرێتەوە بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی (٧)**

ماددەی (٨)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

ماددەی (٨): ئەو خانوانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو ڕووخاون بە هۆکاری سیاسی، و دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دروست کراونەتەوە یان شوێنەواری (شوێن خانوویان) ماوە بەپێی تەواوی حوکمەکانی هاتوو لەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، نرخەکەشیان بەبڕی (٢٪) دوو لە سەدی لە نرخی ڕاستەقینەی زەوییەکە دەخەمڵێنرێت.

**ماددەی (٨)**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت.

**ماددەی (٩)**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێبکەن.

**ماددەی (١٠)**

پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە ماوەیەک کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ تێپەڕ نەکات ڕێنمایی تایبەت بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربکات.

**ماددەی (١١)**

ماددەی (١٢)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (١٢): ئەم یاسایە دوای بڵاوبوونەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ لەڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی کاری پێدەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە لەیاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٩ دا هەبوون، و سوودمەندبوونی زیاتری هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە زەوی دەوڵەت و دۆزینەوەی دەرچەی یاسایی بۆ زیادەڕۆەیی ناچاری، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٨/١٨**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٧)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٨)ی رۆژی ٢٠٢١/٧/٨ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای ڕەسمی پولی ئیتیحادی**
**ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**
یاسـای ڕەسـمی پـولی ئیتیحـادی ژمـارە (٧١)ی سـاڵی ٢٠١٢ لە هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق بەرکـار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

**ماددەی (٢):**
پیادەکردنی حوکمی بڕگەی (پێنجەم)ی مادده (٥)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
پێنجەم: پێدانی ڕەسمی سەپێنراو لەم ماددەیە بەو شێوازە دەبێت کە وەزیـر دیاریـدەکات، و دەبێـت وەزیر لە حـاڵەتی دواکەوتـن لە پێـدانی ڕەسـم، سـودی دواکەوتـن بسـەپێنێت، ئەمەش بە ڕێنمـاییەك ڕێکدەخرێت.

**ماددەی (٣):**
پیادەکردنی حوکمی بڕگەی (سێیەم)ی مادده (١٦)ی یاساکە، ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٤):**
پیادەکردنی حوکمی هەردوو بڕگەی (پێنجەم) و (شەشەم)ی مادده (٢٥)ی یاساکە، ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٥):**
دامەزراوە و فەرمانگەکـانی هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق و ئەوانەی خـاوەن پۆسـتن تیایانـدا، لەهەر شـوێنێکی ئەم یاسـایەدا هـاتبن، جـێگەی دامەزراوە و فەرمـانگە ئیتیحادییەکـان و ئەوانەی خـاوەن پۆستن تیایاندا دەگرنەوە.

**ماددەی (٦):**
یاسای ڕەسمی پوول ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان ـ عێراق هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٧):**

وەزیری دارایی و ئابوری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٨):**

ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (٩):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی (١٠):**

ئەم یاسایە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) ڕۆژ بەسەر ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەرچوواندنی یاسای ڕەسمی پول ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ لە هەرێمی کوردستان - عێراق، و لەبەر ئەو پێشکەوتنەی ڕوویداوە لە جۆر و قەبارەی ئەو خزمەتگوزارییە حکومییانەی پێشکەش دەکرێن، و بۆ ئەوەی ڕەسم لەگەڵیان بگونجێندرێت، و لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بەهای دراو و چالاکی ئابووریدا هاتووە، و لە پێناو یەکخستنی ڕەسمی پول لە هەرێم لەگەڵ هاوتاکەی لە عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٨/١٨**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٨)ی سالّی ٢٠٢١**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٨)ی رۆژی ٢٠٢١/٧/٨ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی عێراقی ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**
یاسـای وەبەرهێنـانی پیشەسـازی هەردوو کەرتـی تـایبەت و تـێکەڵاوی عێراقـی ژمـارە (٢٠)ی سـاڵی (١٩٩٨)ی هەموارکراو، لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بەرکار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.
**ماددەی (٢):**

پیادەکردنی بڕگەی (**یەکەم**) لە مادده (٣) ی یاساکە، ڕادەگیرێت.
**ماددەی (٣):**

پیـادەکردنی بـڕگەی (دووەم) لە مـاددەی(٤)ی یاسـاکە هەمـوار دەکرێـت و بەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم**: پێکهـاتە کارگێرییەکـانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گەشـەپێدانی پیشەسـازی لە وەزارەت بە پەیڕەوێـک دیـاری دەکرێـت کە ئەنجـوومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق لەسـەر پێشنیازی وەزیر دەریدەکات.
**ماددەی (٤):**

پیادەکردنی مادده (٧)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٧): **یەکەم:** مەرجە ئەو کەسە سروشتییەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزرانـدن یـان خاوەندارێتی پرۆژەیەکی پیشەسازیی پێشکەش دەکات، خاوەن لێهاتوویی (أهلية الأداء) تەواو بێت جگە لەو کەسەی خاوەندارێتی پرۆژەکەی بە میرات بۆ گواستراوەتەوە.

**دووەم:** مەرجە ئەو کەسە مەعنەوییەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مولەتی دامەزراندن یان خاوەندارێتی پرۆژەیەکی پیشەسازی پێشکەش دەکات، بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراو یان تۆمارکراو و مولەت پێدراو بێت.

**ماددەی (٥):**

پیادەکردنی بڕگەکانی (یەکەم) و (پێنجەم) لە ماددەی (٨)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** ئەو پرۆژە پیشەسازییانەی کە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە لە هەرێم مۆڵەتیان پێدراوە، لە لێخۆشبوونی باج و ڕەسمەکاندا، ملکەچی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەبن کە لەکاتی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنیاندا بەرکار بووە.

**پێنجەم:** وەزارەتی پلاندانان دیاریکردنی شارە پێشکەوتووەکان و ئەوانەی کەمتر پێشکەوتوون و لادێ و گوندە دوورە دەستەکان، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە، لەئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** هەمواری پیادەکردنی بڕگەی (یەکەم) لە ماددە (٩)ی یاساکە دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەرێم، زەوی پێویست بۆ پرۆژەی پیشەسازی تەرخان دەکەن، بەمەرجێك لەگەڵ ماستەرپلانی شارەکان گونجاوبێت، و خزمەتگوزارییە پێویستەکان ، بەکرێی هاوشێوە بۆ پرۆژەکە دابیندەکەن و گرێبەستی بەکرێدانەکەش بە درێژایی ماوەی مۆڵەتی دامەزراندنی، بەدەر لە حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ی بەرکار لە هەرێم، بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** پیادەکردنی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٩)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ،کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پلاندانان و دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە، پێگە پیشەسازییەکان، بە پێی حوکمی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان، بۆ هەر پارێزگایەک لە دەرەوەی سنووری ماستەر پلانی بنەڕەی شارەکان، دیاریدەکەن.

**سێیەم:** پیادەکردنی هەردوو برگەکانی (سێیەم) و (چوارەم) لە ماددەی (٩)ی یاساکە، ڕادەگیرێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** پیادەکردنی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (١٣)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** سەرپێچیکار بە پێبژاردنێک کە لە ( ٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت ئەگەر لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا سەرپێچییەکەی لانەبردبێت.

**دووەم:** بڕگەیەک بۆ ماددەی (١٣)ی یاساکە زیاد دەکرێت بە زنجیرەی (شەشەم) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**شەشەم:** خاوەنی پڕۆژەی سوودمەند لە لێخوشبوونی گومرکی، بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت کە یەکسان بێت بە سێ هێندەی بەهای لێخوشبوونەکە، لەکاتی بەکارهێنانی ئامراز و کەرەستەکان بۆ مەبەستێکی جیاواز لەوەی لێخۆشبوونی بۆ وەرگرتووە.

**ماددەی (٨):**

پیادەکردنی ماددەی (١٤) ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی (١٤):** دەستەیەکی تێهەڵچوونەوە بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری پیشەسازی و ئەندامیەتی نۆێنەری هەردوو وەزارەتی داد و دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان کەلە پلەی بەرێوەبەری گشتی بن پێکدەهێنرێت، بۆ تێرِوانین لە نارەزایەتی لەسەر ئەو بڕیارانەی دەربارەی پڕوژە پیشەسازییەکان دەرکراون.

**ماددەی (٩):**

پیادەکردنی بڕگەی (سێیەم) ی ماددەی (١٥) ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**سێیەم:** کەسی نارەزاییکار ڕەسمێک دەدات بە بڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار، و وەک داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم، و ئەوانەی تیایاندا پۆستیان هەیە، لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێت، جێگەی دامەزراوە و فەرمانگە ئیتیحادییەکان و ئەوانەی تیایاندا پۆستیان هەیە دەگرێتەوە.

**ماددەی (١١):**

وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ڕێنمایی بو ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١٢):**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (١٣):**

کار بە دەقی هیچ یاسا وبڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکوک بێت.

**ماددەی (١٤):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو هێنانەدی گەشەسەندنی پیشەسازی لە هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو، بە شێوەیەک کە بەشدار بێت لە پەرەپێدانی بەرهەمهێنان لە ڕووی بڕ و کوالێتییەوە، و بەمەبەستی پتەوکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی لەو بوارانەی زیاتر گرنگییان هەیە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان، و بە ئامانجی یەکخستنی حوکمە یاساییەکانی بەرکار لە سەر پرۆژەکانی وەبەرهێنانی پیشەسازی لە هەرێم و عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٨/١٨**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٦٧٤٠ لە ٢٠٢١/٨/٢٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی هاوردەکراو**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرامبەریان دیاری کراوە:-

١- **هەرێم**:- هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- **وەزارەت**:- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ**:- بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان.

٤-**بڕوانامەی ( CO)** :- مەبەست لێی ئەو بڕوانامەیە کە لە لایەن کۆمپانیای تایبەتمەند بەپێدانی ئەو بڕوانامەیە دەدرێت و تێدا دیاری دەکات کە ئۆتۆمبێل بەپێی ستاندەرەکانی کۆمپانیای دروستکەرە و هەر کەم کورییەکی هەبێت تیایدا دیاری دەکات .

٥-**ئۆتۆمبێلی (سفر) کیلۆمەتر** :- ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە لە (٢٠٠) کیلۆمەتر زیاتر نەڕۆیشتووە ، و بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردەکراوە.

٦- **ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو**:- ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە زیاتر لە (٢٠٠) کیلۆمەتر ڕۆیشتووە ، و بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردە کراوە.

٧- **ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی هەجین** :- ئەو ئۆتۆمبێل یان ماتورسکێلەیە کە بە دوو جۆر سووتەمەنی کار دەکات ، بە کارەبا و سووتەمەنی (بەنزین یان گاز یان غاز) .

٨- **ماتورسکێلی کارەبایی** :- ئەو ماتورسکێلەیە کە بە کارەبا کار دەکات.

٩- **ئۆتۆمبیلی سالفج ( salvة)** :- ئەو ئوتۆمبێلەیە کە لەو وڵاتەی بەکارهاتووە تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بووە یان دزراوە ، و کۆمپانیای دڵنیایی قەرەبووی خاوەنەکەی کردۆتەوە و دواتر فرۆشراوەتەوە بۆ هەناردەکردن و هیچ کام لەو کەم و کورپیانەی کە لە ماددەی (حەوتەم) ئاماژەی پێدراوە تێدا نیە.

**ماددەی (٢):**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی مەرجە گشتیەکانی سەلامەتی ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی سفر کیلۆمەتری هاوردەکراو و ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ستانداردانەی لەم ڕێنماییە دیاریکراون بە مەبەستی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی گونجاو و سەلامەت و هەبوونی مەرجەکانی کوالێتی و توندوتۆڵی لە ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی هاوردە کراو و چالاك کردنی بازرگانی ئۆتۆمبێلە.

**مەرجە گشتییەکانی سەلامەتی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو**

**ماددەی (٣):**

١- ئۆتۆمبێڵ دەبێت بەلایەنی کەم دوو (ئێرباگ) لای شوفێر و تەنیشت شوفێر و سیستەمی ( AB)ی هەبێت.

٢- بڕوانامەی ( CO) لەگەڵدابێت ، و دەکرێت لە دەروازەی سنووری لە لایەن کۆمپانیاکانی کوالێتی بڕوانامەی ( CO) پێ بدرێت.

٣- ئۆتۆمبێلی جۆری پاص لە (١٤) نەفەر بەرەو سەرەوە مەرج نیە (ئێرباگ)ی هەبێت.

٤- ئۆتۆمبیلی کلاسیك دەبێت بە لایەنی کەم (٤٠) ساڵ بەسەر دروست کردنی تێپەربووبێت و دوای تۆمارکردنی هیچ کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت.

٥- هێنانە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی قەلغان (درع) تەنها لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆیە.

٦- ئۆتۆمبێلی کارەبا بە ڕسوماتی (٤) پستون تۆمار دەکرێت.

٧- ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی و بنیاسازی (الزراعیة و الإنشائیة) مەرج نیە ئێرباگی هەبێت.

٨- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم دەهێندرێنە ناوەوەی هەرێم تەنیا بە ژمارەی میری تۆمار دەکرێن و ناکرێت خاوەندارێتی بگوازرێتەوە جگە لەوانەی کە بەپێی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ دەفرۆشرێت ، یان هەر یاسایەکی تر جێگای ئەو یاسایە بگرێتەوە.

٩- ئۆتۆمبێل دەبێت لە (٢٠٠) دوو سەد کیلۆمەتر زیاتر نەرۆیشتبێت کاتێك دەگاتە دەروازە سنوورییەکان.

١٠-ئۆتۆمبێلی ستێرن لایی ڕاست یان (محور) داخل ناکرێت و تۆمار ناکرێت.

١١- ئۆتۆمبێلی جوری تاکسی (صالون) هاوردە دەکرێت بە مەرجێك ئۆتۆمبێلێکی تاکسی لە جیاتی هەڵوەشێتەوە (ترقین قید) یان ئۆتۆمبێلێکی تاکسی بکرێت بە تایبەت.

**ماددەی (٤):**

هەڵە لە مەنەفستی ئۆتۆمبێل و ماتورسکێل لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرکی پارێزگاکان ڕاست دەکرێتەوە.

**ماددەی (٥):**

١- ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی هاوردەکراو دوو مۆدێل (کۆن) تر لە مۆدێلی ساڵ ڕێگەپێدراوە تا (١١/١)ی هەموو ساڵێك.

٢- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی ساڵی نوێ لە (٩/١)ی هەموو ساڵێك دەست پێدەکات و بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرك بۆیان هەیە ئۆتۆمبێلی مۆدێل نوێ لە (٦/١)ی هەموو ساڵێك گومرك بکەن و لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ ئەو ماوەی نێوان داخل کردن و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل لە ماوەی یاسایی تێپەری کە (٦٠) ڕۆژە بە بەخشین ئەژمار دەکرێت بە مەرجێك لە هەموو حالەتێك تۆمارکردنی لە مانگی (٩) تێپەر نەکات بە پێچەوانەوە ئەو ماوەی بەخشینەش بە سزای دواکەوتن بۆ ئەژمار دەکرێت.

٣- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە چوار تەن زیاتر (١٠) مۆدێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ هاوردە دەکرێت.
٤- ئۆتۆمبێلی پاص لە (٢٠) سەرنشین زیاتر (١٠) مۆدێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ هاوردە دەکرێت.
٥- ئۆتۆمبێلی ئامێر (الزراعية و الإنشائية) (١٥) مۆدێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ هاوردە دەکرێت.
٦- ئۆتۆمبێلی کەرەڤان (موتورهۆم) واتە مەکینە و کەرەڤانەکەی یەك یەکە بێت هاوردە دەکرێت ، (١٥) مۆدێل کەمتر لە مۆدێلی ساڵ رێگەپێدراوە و هاوشێوەی پاص گومرك دەکرێت و لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بە ژمارەی تایبەت و بە رسوماتی (استیشن) تۆمار دەکرێت بەپێی ژمارەی پستون.
٧- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە نێوان ماوەی داخل بوونیان لە دەروازەی سنوری و تۆمارکردنیان تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبن، بە پشتگیری بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند و بەپێی هێلکاری شوێنی رووداو (مخطط محل الحادث) کە لە لایەن ئەفسەری هاتووچۆ ئەنجام دەدرێت دوای چاککردنەوەیان تۆمار دەکرێن بە مەرجێك بەپێی مەرجەکانی ئەم رێنماییە هاوردەکرا بن.

**مەرجە گشتییەکانی سەلامەتی هاوردە کردنی ماتورسکێلی سفر کیلۆمەتر**

**ماددەی (٦):**

١- رێگەدەدرێت بە هاوردەکردنی ماتورسکێل لە قەبارەی (١٢٥ سی سی) کەمتر نەبێت لە جۆرەکانی (٢) تایە بەمەرجێك بە شێوەیەکی فەرمی و لە رێگای خاڵە سنورییەکان هاوردە کرابێت و لە پشکنینی کوالێتی کۆنترۆلی خاڵە سنورییەکان پەسەندکرابێت و مەنەفستی لەگەڵ بێت و مۆدێلی ساڵ (صفر کیلۆمەتر) و (٢) مۆدێل کەمتر لە مۆدێلی ساڵ بێت .
٢- ماتورسکێل پێویستە لە ماوەی (٦٠) رۆژدا لە لایەن کۆمپانیای هاوردەکار تۆمار بکرێت لەسەر ناوی کەسی یان کۆمپانیا ، و ئەگەر خاوەنی ماتورسکێل کەسێکی مەعنەوی بێت وەك کۆمپانیا یان ریستورانت کە خزمەتی گەیاندنی خواردەمەنی پێشکەش دەکات ( Deliv ) یان کاری پۆستەبەری دەکات ئەو کارمەندە پێویستە مۆڵەتی ماتورسکێلی هەبێت و لە لایەن خاوەن کۆمپانیا یان ریستورانت رێگەپێدراو بێت و لۆگۆی ئەو شوێنە کە کاری لێ دەکات لەسەر ماتورسێکلەکە بێت.
٣- ئەو شوێنانە کە ماتورسکێل دەفرۆشن پێویستە ئەو ماتورسکێلانە بە شێوەی برگەی (١)ی سەرەوە بێت.
٤- هەر شوێنێك ماتورسکێلی بێ مەنەفست بفرۆشێت لە لایەن لیژنەکانی قائیمقامیەت دادەخرێت و بە پێی ماددەی (سیانزدەیەم) برگەی (شەشەم) پێبژاردنی پێدەکرێت و دەست بەسەر ئەو ماتورسکێلانە دەگرێت و رەوانەی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند دەکرێت.
٥- ماتورسکێلی (٤) تایە (پولارایس - off r ) بە ژمارەی کشتوکاڵی تۆمار دەکرێت بە مەرجێك بەپێی ئەم رێنماییانە هاوردەکراو بێت و رێگا نادرێت لەسەر شەقامەکان هاتووچۆ بکەن و لە کاتی بینینیان لەسەر شەقامەکان بۆ ماوەی یەك هەفتە دەستی بەسەردا دەگیرێت بە بری (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار پێبژاردنی بە خاوەنەکەی دەدرێت و دەستی بەسەردا دەگیرێت و ئەم برە پارەیە دەخرێتە سەر پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

٦- ئەو شوێنانەی کە ماتورسکێل چاك دەکەنەوە نابێت ماتورسکێلی بێ تابلۆ (تۆمارنەکراو) چاك بکەنەوە بە پێچەوانەوە لە لایەن لیژنەکانی قائیمقامیەت دادەخرێت و بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار پێبژاردنی دەدرێت و لە حاڵەتی دووبارەبوون ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و دادەخرێت و ئەم بڕە پارەیە دەخرێتە سەر پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**مەرجە گشتییەکانی سەلامەتی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراوی بەکارهاتوو**

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێت ئەم کەم کورِیانەی خوارەوەی نەبێت :

١- ژێرئاو کەوتوو و سووتاو و بڕاوە نەبێت.

٢-شاسی بڕاوە یا لەحیم کراو نەبێت .

٣-توکمەی دەرگا یان بانی براوە یان لەحیم نەبێت.

٤-گشت ئێرباگەکانی کار بکات.

**دووەم:** دروست کردنی کۆمەڵگای چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکانی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی) و (ئیدارەی گەرمیان) کە سەر بە گومرکی گشتی دەبێت بەپێی ڕێنمایی گرێبەستە حکومییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ دروست بکرێت بەپێی باشترین ستاندارد و کوالێتی سەردەمیانە بە مەبەستی چاککردنەوەی هەر ئۆتۆمبێلێکی لێدراو جگە لە ئۆتۆمبێلەکانی بڕگەی (یەکەم/٣,٢,١)ی ئەم ماددەیە ، بەم ڕێکارانەی خوارەوە:

١- ئۆتۆمبێل کە داخل دەکرێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەری گومرك ڕەوانەی ئەو کۆمەڵگایە دەکرێت بەمەبەستی چاککردنەوە کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

٢- گومرك لە ئۆتۆمبێل وەرناگیرێت تا دوای چاککردنەوە و پشکنینی بۆ دەکرێت و پێویستە بەپێی ڕێنماییەکان چاککرابێت و مەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل تێدا بێت.

٣- ئەگەر ئۆتۆمبێلی چاککراو بەپێی ڕێنماییەکان چاك نەکرابوو ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ دەروازەی سنوری بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێی هاتووە یان سکرابی بکات.

٤- بنکەی هاتووچۆ و بنکەی گومرك لە کۆمەڵگەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل دادەنرێت و سەرپەرشتی هاتن و دەرچوونی ئۆتۆمبێل دەکەن و لەو بنکەیە گومرك وەردەگیرێت و ژمارەی کاتی پێ دەدرێت.

٥- داخل کردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو کە لە کۆمەڵگەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل چاك دەکرێتەوە تەنها مۆدێلی ڕێگەپێدراو دەگرێتەوە کە لەم ڕێنماییە دەست نیشان کراوە.

٦- تا دامەزراندنی ئەو کۆمەلگانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێدراوە پێویستە ئۆتۆمبێلی لێدراو کە مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە تێدایە بە چاککراوی هاوردە بکرێت.

**ماددەی (٨):**

ئەو ئۆتـۆمبێلانەی کە لە ڕاپـۆرتی ( CA FA) یـان هەر ڕاپـۆرتێکی تـری هاوشـێوە دەسـتەواژەی ( MinorD) یان تێدا هاتووە یان ( salv سالفیج) داخل دەکرێن بە مەرجێك دەبێـت هـیچ کام لەو کەم و کوریانەی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (حەوتەم)ی سەرەوەیانی نەبێت.

**ماددەی (٩):**

١- ئەو ئۆتـۆمبیلانەی کە هـاوردە دەکـرێن لە وڵاتـانی (ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، کەنەدا، مەکسیك) دەبێت راپۆرتی (کار فاکس)یان بۆ بکرێت.

٢- ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی (کار فـاکس) پەیـڕەو ناکرێـت، داوای راپـۆرتی ئەو وڵاتە بکرێت کە کاری پێدەکرێت و دواتر لە دەروازە سنوورییەکان پشکنینی کواڵیتی بۆ بکرێت.

٣- بروانامەی ( CO) بۆ ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێت لەو ولاتەی کە لێی هاوردە کراوە بۆ هەرێم بـۆی بکرێت نەك لە خالە سنورییەکان.

٤- راپۆرتی ( CA FA) یان هەر راپۆرتێکی تر تایبەت بە ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو وەك رێبەرێك (دلیل) بەکار دێت لە لایەن کۆمپانیاکانی پشکنینی کوالێتی بۆ پێدانی بروانامەی ( CO) ، و ئەگەر لە نێوان ئەو راپۆرتـانە و ڕاپـۆرتی ( CO) ئۆتۆمبێـل جیـاوازی هەبێـت ئەوا پشـت بە بڕوانـامەی ( CO) دەبەسترێت، و دەبێت راپۆرتی کارفاکس یـان هاوشـێوەکانی هـاوپێچی بەڵگەنامەکـانی ئۆتـۆمبێلی هاوردەکراو بکرێت.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ کاری پـۆلیس و تاکسـی و کۆمپانیاکـان بەکارهـاتووە رێگایـان پـێ دەدرێـت هاوردە بکرێن بەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە دیاریکراوە.

٦- ئۆتۆمبێلی کلاسیك ، زراعـی ، انشـائیە پێویسـت نـیە لەو وڵاتەی کـە لێـی هـاوردەکراوە بروانـامەی ( CO) بۆ بکرێت، تەنها لە دەروازە سنورییەکان پشکنین بۆ دەکرێت و بروانـامەی (COC) لە لایەن کۆمپانیاکانی کوالێتی لە دەروازەی سنووری پێ دەدرێت .

**ماددەی (١٠):**

١- بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان پابەندن بە تۆمارکردنی سەرجەم ئۆتۆمبێل وماتورسکێلە هاوردەکراوەکان بە پێی ئەم رێنماییە.

٢- لیژنەیەکی هونەری لەدەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان،باشماخ،ئیبراهیم خلیل وحاجی ئۆمەران) و هەر دەروازەیەکی تری سنوری کە لە ئایندەدا ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی لێ هاوردە دەکرێت پێك دەهێنرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئۆتۆمبێل و ماتورسکێل بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراوە هاوردەکراوە ، لەم لایەنانەی خوارەوە:

| ژ | ناو | پسپۆری | پایە |
|---|---|---|---|
| ١ | نوێنەری بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا | ئەفسەر | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | نوێنەری بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا | بەڕاد | ئەندام |
| ٣ | نوێنەری بەرێوەبەرایەتی گومرکی پارێزگا | بەڕاد | ئەندام |

٣-پێکهێنانی لیژنەیەکی هونەری لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکانی (هەولێر،دهۆك، سلێمانی) بەمەبەستی پشکنینی هونەری ئۆتۆمبێڵ و ماتورسکێڵە هاوردەکراوەکان پێش تۆمارکردنیان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئۆتۆمبێل و ماتورسکێل بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە هاوردەکراوە ، لەم لایەنانەی خوارەوە:

| ژ | ناو | پسپۆری | پایە |
|---|---|---|---|
| ١ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا | ئەفسەر | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا | بەڕاد | ئەندام |
| ٣ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گومرکی پارێزگا | بەڕاد | ئەندام |

**ماددەی (١١):**

وەزارەتی ناوخۆ ئامێری سکانەر لە دەروازە سنورییەکانی (پەرویزخان، باشماخ، ئیبراهیم خلیل و حاجی ئۆمەران) و هەر دەروازەیەکی تری سنوری کە لە ئایندەدا ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلی لێ هاوردە دەکرێت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ دادەنێت بە مەبەستی پشکنینی گشت ئۆتۆمبێل و ماتورسکیلی هاوردەکراوەکان بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی مەرجەکانی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (حەوتەم)ی ئەم ڕێنماییە.

**ئەحکامە داراییەکان**

**ماددەی (١٢):**

١- بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار وەردەگیرێت لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبێل بە ئامێری سکانەر لە دەروازە سنورییەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ.

٢- بڕی (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار وەردەگیرێت لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبێل لە لایەن لیژنەی هونەرییەکانی ماددەی (دەیەم/٣,٢)ی ئەم ڕێنماییە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ پێش تۆمارکردنیان.

٣-بڕی (١٠،٠٠٠) دە هەزار وەردەگیرێت لە کاتی پشکنینی ماتورسکێل لە لایەن لیژنەی هونەرییەکانی ماددەی (دەیەم/٣,٢)ی ئەم ڕێنماییە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ پێش تۆمارکردنیان .

٤- ئەو بڕە پارانەی کە لە بڕگەی (٣,٢,١)ی ئەم ماددەیە دیاری کراوە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:**

ئەگەر کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی پابەند نەبن بەم ڕێنماییە پێبژاردنیان پێ دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بۆ جاری یەکەم بڕی (٥،٠٠٠،٠٠٠) تەنها پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلێك.

٢- بۆ جاری دووەم بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنها دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلێك.

٣-بۆ جاری سێیەم بڕی (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنها سی ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلێك.

٤- هەر جارێکی دیکە کە دووبارە ببێتەوە (٢٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنها بیست ملیۆن دیناری دیکە دەخرێتە سەر دوای سزای پێشووتری کە دراوە بۆ هەر ئۆتۆمبیل و ماتورسکێلێك.

٥- ئەو بڕە پارانەی کە لە بڕگەی (٤،٣،٢،١)ی ئەم ماددەیە دیاری کراوە دەخرێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەپێی پسوولەی ژمێرکاری (٣٧/أ) وەردەگیرێت و وەك داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت.

**دووەم:**

١- ئەگەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەپێچەوانەی رێنماییەکانی ئۆتۆمبێل و ماتورسکێل هاوردە بکەن و بیهێننە ناو هەرێمی کوردستان ئەوا پێبژاردنیان پێدەدرێت بەبڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك و (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ هەر ماتورسکێلێك.

٢- ئەو بڕە پێبژاردانەی بڕگەی(١)ی سەرەوە دەخرێنە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**سێیەم:** ئۆتۆمبێلی لێدراو ئەگەر پێش چاککردنەوەکەی بەپێی مەرجەکانی ماددەی (حەوتەم)ی ئەم رێنماییە بچێتە سەر جادەکان دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار پێبژاردنیان پێ دەکرێت.

**چوارەم:**ئەو شوێنانەی کە ماتورسکێل دەفرۆشن ئەگەر ماتورسکێلەکان لە رێگای دەروازە سنورییەکان هاوردە نەکرابن و مەنەفستیان نەبێت بە بڕی (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار پێبژاردنیان پێ دەکرێت.

**پێنجەم:** ئەو پێبژاردنەی کە لە بڕگەی (سێیەم و چوارەم)ی ئەم ماددەیە دیاری کراون دەخرێتە سەر حسابی  پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ماددەی (١٤):**

هەر ئەفسەرێك یان کارمەندێکی هاتووچۆ یان پۆلیس یان فەرمانبەری شارستانی کە تایبەتمەندن بە پشکنین و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتورسکێل کەمتەرخەمی بنوێنێت یان چاوپۆشی بکات لە جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم رێنماییە ئەوا بەپێی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و یاسا بەرکارەکان لە هەرێم لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەندەوە رێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

**ئەحکامە کۆتاییەکان**

**ماددەی (١٥):**

١- ئەو ئۆتۆمبیل و ماتورسکێلانەی کە بەپێچەوانەی مەرجەکانی ئەم رێنماییە هاوردەکراون لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە هەرێم دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەگەرێندرێتەوە بۆ ئەو دەروازەی کە لێی هاوردەکراوە لەسەر ئەرکی کۆمپانیا یان لایەنی هاوردەکەر.

٢- ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و ئەو ئۆتۆمبێل و ماتورسکێلانە دەگرێتەوە کە لەدوای ٢٠٢١/١/١هاوردەی ناوهەرێم کراون لە رێگای دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

٣-کار بە هیچ رێنمایی و بەیانێك و نوسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە.

**رێبەر أحمد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٧٤٥ لە ٢٠٢١/٨/٣٠**

پاڵپشت بە ماددەی (٧/ بڕگەی سێیەم) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (٤٦) لە پەیڕەوی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان_عێراق**

**ماددەی (١):**

هێزی جێبەجێکردن کە ئەرکیان پاراستنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازییە، پێك دێت لە (بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرانی چاکسازییەکان و مەئموری و چاودێری و پاسەوانی چاکسازی).

**ماددەی (٢)**

ڕێککاری سەربازی بەرکار لەسەر هەموو کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن پەیڕەو دەکرێت و لەسەریانە گوێڕایەڵی سەرووی خۆیان بن هەروەك هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە کاتی دەوام و ئەرکی فەرمیدا.

**ماددەی (٣):**

پلەو هێما و پۆشاکی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن لە لای لایەنی پەیوەندیدار باوەڕپێکراوە لە کاتی ئەرکی فەڕمیدا.

**ماددەی (٤):**

پێویستە لەسەر کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن پابەند بن بە ڕێك پۆشی بە جل و بەرگی فەرمی دەستنیشانکراو بۆیان بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ پێگەی کارکردنیان لە کاتی ئەرك و دەوامی فەرمیدا.

**ماددەی (٥):**

کارمەندی هێزی جێبەجێکردن جگە لەو مەرجە گشتییانەی کە لە دەقەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی هاتووە پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت بۆ دامەزراندن:

١- پێویستە تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣٥) ساڵ زیاتر نەبێت.

٢- پێشینەی تاوانی ئابڕووبەری نەبێت.

٣- لەچاوپێکەوتنی لیژنەی تایبەت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی پێکی دەهێنێت ، دەربچێت.

٤- مەرجەکانی باڵا و جەستە و تەندروستی تێدا بێت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەریان دەکات.

٥- ئامادەیی تێدا بێت کە هەر ئەرك و فەرمانێك پێی دەسپێردرێت جێبەجێیان بکات.

٦- بەڵێننامەی یاسایی بدات کە تا ماوەی (٦) ساڵ داوای گۆڕینی ناونیشان بۆ سەر میلاکی (مەدەنی) و گواستنەوەی ڕاژە بۆ دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی نەکات.

٧- دەستەبەری دارایی بە بڕی ( ٥،٠٠٠،٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار کە لەلایەن دادنووسەوە پەسەند کرابێ پێشکەش بکات لە بڕی ئەو کەل و پەلانەی پاش دامەزراندن وەریدەگرێت، وە دەکرێت بڕەکە زیاد بکرێت لە کاتی پێدانی کەل و پەلی زیاتر.

**ماددەی (٦):**

کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن بە (کارمەندی چاکسازی) دادەمەزرێن و پاش تەواوکردنی خولی تایبەت کە ماوەکەی لە (٢) دوو مانگ کەمتر نەبێت ، مووچە و ناونیشانیان بەم شێوەی خوارەوە دیاری دەکرێت:

١- ئەو کارمەندانەی بە بڕوانامەی (سەرەتایی) دادەمەزرێن ناونیشانی (پاسەوانی چاکسازی پێنجەم) وەردەگرن

٢- ئەو کارمەندانەی بە بڕوانامەی (ناوەندی) دادەمەزرێن ناونیشانی (پاسەوانی چاکسازی چوارەم) وەردەگرن

٣- ئەو کارمەندانەی بە بڕوانامەی (ئامادەیی یان دبلۆم) دادەمەزرێن ناونیشانی (چاودێری چاکسازی چوارەم) وەردەگرن

٤- ئەو کارمەندانەی بە بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) دادەمەزرێن ناونیشانی (مەئموری چاکسازی سێیەم) وەردەگرن

**ماددەی (٧):**

پلەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن و هێماکانیان و ماوەی پلە بەرزکردنەوەیان بەم شێوەیە دەبێت:

١- پلەو هێمای (مەئموری چاکسازی) و ساڵانی پلە بەرزکردنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ز | ناونیشان | ساڵی پلە بەرزکردنەوەی | هێمای پلەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | مەئموری چاکسازی سێیەم | (٤) ساڵی فیعلی | یەك ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەسەرشانی دادەنرێت. |
| ٢ | مەئموری چاکسازی دووەم | (٤) ساڵی فیعلی | دوو ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی(زیوی) لەسەرشانی دادەنرێت. |
| ٣ | مەئموری چاکسازی یەکەم | (٥)ساڵی فیعلی | سێ ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەسەرشانی دادەنرێت. |
| ٤ | مەئموری چاکسازی پێشکەوتوو | (٥) ساڵی فیعلی | هەڵۆی ئارمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر شانی دادەنرێت. |
| ٥ | ی. سەرۆکی مەئمورەکان | (٥) ساڵی فیعلی | هەڵۆی ئارمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یەك ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەسەر شانی دادەنرێت. |
| ٦ | سەرۆکی مەئمورەکان | | هەڵۆی ئارمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دوو ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەسەرشانی دادەنرێت. |

٢- پلەو هێمای (چاودێری چاکسازی) و ساڵانی پلە بەرزکردنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ز | ناونیشان | ساڵی پلە بەرزکردنەوەی | هێمای پلەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | چاودێری چاکسازی چوارەم | (٤) ساڵی فیعلی بۆ بڕوانامەی ئامادەیی | یەك ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەناو تەختێك لەشێوەی سێگۆشە بەڕەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس دادەنرێت |
| ٢ | چاودێری چاکسازی چوارەم | (٢) ساڵی فیعلی بۆ بڕوانامەی دبلۆم | یەك ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەناو تەختێك لەشێوەی سێگۆشە بەڕەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس دادەنرێت |
| ٣ | چاودێری چاکسازی سێیەم | (٤) ساڵی فیعلی | دوو ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەناو تەختێك لەشێوەی سێگۆشە بەڕەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس دادەنرێت . |
| ٤ | چاودێری چاکسازی دووەم | (٤) ساڵی فیعلی | دوو ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەگەڵ یەك هێڵ بەڕەنگی سپی لەناو تەختێك لەشێوەی سێگۆشە بەڕەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس دادەنرێت |
| ٥ | چاودێری چاکسازی یەکەم | (٥) ساڵی فیعلی | سێ‌ئەستێرەی هەشت گۆشەیی بەڕەنگی (زیوی) لەناو تەختێك لەشێوەی سێگۆشە بەڕەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس دادەنرێت |
| ٦ | چاودێری چاکسازی پیشکەوتوو | (٥) ساڵی فیعلی | سێ ئەستیرەی هەشت گۆشەیی بەرەنگی (زیوی) لەگەڵ یەك هێڵ بەرەنگی سپی لەناو تەختیك لە شیوەی سێگۆشە بەرەنگی رەش لە سەر یەخەی چاکەت یان کراس دادەنرێت |
| ٧ | سەرۆك چاودێرانی چاکسازی | | هەڵۆی ئارمی حکومەتی کوردستان لەناو تەختێك لەشێوەی سێگۆشە بە رەنگی رەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس دادەنرێت |

٣- پلەو هێمای (پاسەوانی چاکسازی) وساڵانی پلە بەرزکردنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| ز | ناونیشان | ساڵی پلە بەرزکردنەوەی | هێمای پلەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | پاسەوانی چاکسازی پێنجەم | (٢) ساڵی فیعلی | |
| ٢ | پاسەوانی چاکسازی چوارەم | (٤) ساڵی فیعلی | خەتێك بەڕەنگی سپی لەسەر شێوەی ژمارە (٧) لەسەر قۆڵی لای ڕاستی دادەنرێت. |
| ٣ | پاسەوانی چاکسازی سێیەم | (٤) ساڵی فیعلی | دوو خەت بەڕەنگی سپی لەسەر شێوەی ژمارە (٧) لەسەر قۆڵی لای ڕاستی دادەنرێت |
| ٤ | پاسەوانی چاکسازی دووەم | (٤) ساڵی فیعلی | سێ خەت بەڕەنگی سپی لەسەرشێوەی ژمارە (٧) لەسەر قۆڵی لای ڕاستی دادەنرێت |
| ٥ | پاسەوانی چاکسازی یەکەم | (٤) ساڵی فیعلی | چوار خەت بەڕەنگی سپی لەسەر شێوەی ژمارە (٧) لەسەر قۆڵی لای ڕاستی دادەنرێت. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | پاسەوانی چاکسازی پێشکەوتوو | (٥) ساڵی فیعلی | چوار خەت بەڕەنگی سپی لەسەر شێوەی ژمارە (٧) لەگەڵ یەك هێڵ بەڕەنگی سپی لەسەرەوەیان لەسەر قۆڵی لای ڕاستی دادەنرێت |
| ٧ | یاریدەدەری سەرۆکی پاسەوانی چاکسازی | (٥) ساڵی فیعلی بۆ دەرچووانی ناوەندی | چوار خەت بەڕەنگی سپی لەسەر شێوەی ژمارە (٧) لەگەڵ دوو هێڵ بەڕەنگی سپی لەسەرەوەیان لەسەر قۆڵی لای ڕاستی دادەنرێت |
| ٨ | سەرۆکی پاسەوانانی چاکسازی | | تەختێك لەشێوەی سێگۆشە بەڕەنگی ڕەش لەسەر یەخەی چاکەت یان کراس دادەنرێت |

**ماددەی (٨):**

پلە بەرزکردنەوەی ناونیشانەکانی (مەئموری چاکسازی،چاودێری چاکسازی، پاسەوانی چاکسازی) کە لەلایەن لیژنەی هونەری دەپاڵێورێن دوای ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەبێت، ئەو پلە بەرزکردنەوەیە پەیوەندی بە پلەی وەزیفی فەرمانبەرانەوە نییە بەڵکو بەگوێرەی ئەو ساڵانە دەکرێت کەلەخشتەکانی ماددەی (٧) داهاتووە.

**ماددەی (٩):**

بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەتوانێت پلەی پاسەوان و چاودێر و مەئمورەکان ڕابگرێت و دابەزێنێت لە کاتی پابەند نەبوونیان بە ئەرکی فەرمی خۆیان یان سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکان، بەپێی ڕاسپاردەی لیژنەی لێکۆڵینەوە.

**ماددەی (١٠):**

لەکاتی گۆڕینی ناونیشانی هەر فەرمانبەرێك لەسەر میلاکی شارستانی بۆسەر میلاکی هێزی جێبەجێکردن پاش تەواوکردنی خولی تایبەت ، ناونیشانی شایستە بەخۆی وەردەگرێت بە گوێرەی بڕوانامەکەی وەك لە ماددەی (٦) هاتووە، بە هیچ شێوەیەك ساڵانی خزمەتی شارستانی بۆ ئەم مەبەستە ئەژمار ناکرێت.

**ماددەی (١١):**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بە هاوبەشی لەگەڵ نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی هەڵدەستێت بە دابینکردنی پۆشاکی هاوینە لە سەرەتای مانگی نیسان و پۆشاکی زستانە لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێك بۆ سەرجەم کارمەندانی چاکسازی پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار بەپێی خشتەکانی هاوپێچ ژمارە (١) و (٢) .

**ماددەی (١٢):**

ئەگەر کارمەندی هێزی جێبەجێکردن هەر شتێکی لەو پۆشاك وکەل وپەلانەی کەبۆی دابینکراوە، وون بکات بەر لەتەواوبوونی ئەوماوەیەی بۆی دیاریکراوە بەبێ هیچ پاساوێکی گونجاو (عذر مشروع) بەپێی بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێکدەهێنرێت دووبارە بۆی دابین دەکرێتەوە بەمەرجێك نرخەکەی مانگانە لەمووچەی لێ وەربگیرێتەوە ولەکاتی وازهێنانیشی لەفەرمانبەرایەتی هەر کەم وکوڕییەك هەبێت لەو کەل وپەلانەی کە لەئەستۆیەتی پێویستە نرخەکەی بدات بەگوێرەی بڕیاری کارگێڕی تایبەتمەند .

**ماددەی (١٣):**

ئاڕمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کە هاوپێچە لەپاشکۆی ژمارە (١) پێویستە هەڵبواسرێت لەسەرجەم فەرمانگەکانی چاکسازی ودابنرێت لەپێشەوەی بێریە (کاسکێت) ولەسەر قۆڵی چەپی هەموو کارمەندانی هێزی جێ بەجێکردن بۆ ناسینیان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان.

**ماددەی (١٤):**

ئەورێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) وکار بە هیچ ڕێنماییەکی پێشووتر تایبەت بەم بابەتە ناکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کرو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**خشتەی ژمارە (١)**

| ژ | جۆری پێداویستی | ژمارە | ماوەی بەکارهێنان بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| **یەکەم**: جل و بەرگی هاوینەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن / پیاوان | | | |
| ١ | کراسی بە کەتافی بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٢ | پانتوڵ کۆماندۆ بەرەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی نیو پوت رەنگ قاوەیی بە قەیتان | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی سپی | ١ | ١ |
| ٥ | کاسکێت بەڕەنگی (خاکی بیابانی) | ١ | ١ |
| ٦ | ئاڕمی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆسەر قۆڵی چەپ | ١ | ١ |
| ٧ | نیتاق لە ڕەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ٨ | هەگبەی فیشەك (جعبة عتاد) بە ڕەنگی خاکی | ٢ | ١ |
| ٩ | ئێلەگ بە فسفۆڕ بۆ ئێشکگرانی شەو | | |
| **دووەم**: جل و بەرگی زستانەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن / پیاوان | | | |
| ١ | کراسی بە کەتافی بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٢ | پانتۆڵ کۆماندۆ بەڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی نیو پوت ڕەنگ قاوەیی بە قەیتان | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی سپی | ١ | ١ |
| ٥ | کاسکێت بەڕەنگی (خاکی بیابانی) | ١ | ١ |
| ٦ | ئاڕمی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سەر قۆڵی چەپ | ١ | ١ |
| ٧ | نیتاق لەڕەنگی خاکی جڵ | ١ | ١ |
| ٨ | بارانگێڕ بەپێی پێویست | | |
| ٩ | ئێلەگ بە فسفۆڕ بۆ ئێشکگرانی شەو | | |
| ١٠ | بەدلەی کارکردن بەپێی پێویست | | |

**خشتەی ژمارە (٢)**

| ژ | جۆری پێداویستی | ژمارە | ماوەی بەکارهێنان بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| **یەکەم**: جل و بەرگی هاوینەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن / ژنان | | | |
| ١ | کراسی بە کەتافی بەڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵ بەڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی نیو پوت ڕەنگ قاوەیی بە قەیتان | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی سپی | ١ | ١ |
| ٥ | کاسکێت بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) | ١ | ١ |
| ٦ | ئاڕمی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سەر قۆڵی چەپ | ١ | ١ |
| ٧ | نیتاق لەڕەنگی جل | ١ | ١ |
| **دووەم**: جل و بەرگی زستانەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن / ژنان | | | |
| ١ | کراسی بە کەتافی بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵ بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی نیو پوت ڕەنگ قاوەیی بە قەیتان | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی سپی | ١ | ١ |
| ٥ | کاسکێت بەڕەنگی (خاکی بیابانی) | ١ | ١ |
| ٦ | ئاڕمی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سەر قۆڵی چەپ | ١ | ١ |
| ٧ | نیتاق لەڕەنگی جل | ١ | ١ |
| ٨ | بارانگێڕ بە پێی پێویست | ١ | ١ |

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٦٤٤٥ لە ٢٠٢١/٨/٢٣**

بەپێی ئەودەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢١**

**گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مروڤ بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان**

**یەکەم:** گۆڕینی ناوی (بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوی بازرگانیکردن بە مرۆڤ )سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان بۆ ناوی (بەرێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەوەی تاوانە رێکخراوەکان).

**دووەم:** گۆرینی ناوی (نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە پاریزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ) بۆ ناوی (نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە رێکخراوەکانی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ) .

**سێیەم:** دارشتنی پەیکەری رێکخستن و خەسڵەتەکانی کار ( الوصف الوظیفی) ئەم بەرێوەبەرایەتی و نووسینگانە بەپێی خەسڵەتی نێودەوڵەتی ISO :9001:2015

**چوارەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت ولە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاوەدەکرێتەوە .

**رێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٦٩٨٦ لە ٢٠٢١/٨/٣٠**

پاڵپشت بە نووسراوی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٩٧١٢) لە ٢٠٢١/٨/١٢ و دوابەدوای بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یەکەم:** رێگەدان بەگەشت کردنەوەی هاووڵاتیانی عێراقی لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ وولاتی هیندستان بەمەرجێک لەکاتی گەڕانەوەیان پشکنینی (PCR ) بکەن و لەسەر ئەرکی خۆیان کەرەنتین بکرێن بۆ ماوەی (١٤) رۆژ لەو شوێنانەی کە وەزارەتی تەندروستی دەستنیشان دەکات .

**دووەم:** رێگەدان بەهاتنە ژوورەوەی کەسانی بیانی و ئەوانەی لە دوای ٢٠٢١/٧/١ سەردانی وولاتی هیندستانی کردووە لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان ، بەمەرجێک پشکنینی (PCR ) بکەن و لەسەر ئەرکی خۆیان کەرەنتین بکرێن بۆ ماوەی (١٤) رۆژ لەو شوێنانەی کە وەزارەتی تەندروستی دەستنیشان دەکات .

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە ٢٠٢١/٨/٣١ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە

**رێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٩) لسنة ٢٠٢١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١٧) بتاريخ ٢٠٢١\٧\٦، قررنا إصدار:

**قانون رقم (٧) لسنة ٢٠٢١**
**قانون التعديل الأول للقانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٩**
**قانون تمليك الأراضي المتجاوز عليها ضمن حدود البلديات في إقليم كوردستان ـ العراق**

**المادة (١)**

تعدل الفقرتان (**أولاً**) و(**ثانياً**) من المادة (١) من القانون، مع إضافة بندين بتسلسل (٢) و (٣) إلى الفقرة (**أولاً**)، وتقرأ على الوجه الآتي:

**أولاً:**

١-**المتجاوز**: لأغراض هذا القانون، هو الشخص الذي شيد داراً بالتجاوز أو يسكن فيها هو أو ورثته الشرعيون أو الأشخاص المكلف بإعالتهم بحكم القانون.

٢- **المستفيد**: لأغراض هذا القانون، هو الشخص الذي تسلم ارضا أو وحدة سكنية بعد سنة ١٩٩١ بأي سبب كان فيما عدا طريق المزايدة العلنية.

٣- الشخص الطبيعي أو المعنوي، الذي تجاوز خارج الحدود المسموحة له في إطار المشاريع السكنية المجازة من قبل هيئة الاستثمار أو مؤسسة حكومية أخرى، لا يشمله أحكام هذا القانون ولا تملك لهم التجاوزات.

**ثانياً**: للبلديات تمليك المتجاوز الذي شيد دارا سكنية بالتجاوز قبل تأريخ ٢٠٢٠/١٢/٣١، الأرض المشيدة عليها الدار والمملوكة للدولة، ملكا تاما أو مثقلة بحق التصرف، بشرط وقوعها داخل حدود البلديات ضمن المناطق السكنية، بموجب شروط وأحكام هذا القانون.

**المادة (٢)**

توحد الفقرتان (**ثالثاً**) و(**رابعاً**) من المادة (٢) من القانون ويعاد تسلسل الفقرات في ضوئها، وتقرأ الفقرة المدمجة على الوجه الآتي:

**ثالثاً**: على المتجاوز تقديم طلب تحريري خلال مدة لا تتجاوز (١) سنة واحدة من تأريخ نفاذ هذا القانون إلى رئيس الوحدة الإدارية لغرض التمليك.

**المادة (٣)**: تعدل الفقرات (**أولاً**) و (**ثانياً**/١، ٢) و (**رابعاً**) من المادة (٣) من القانون، وتضاف فقرة بتسلسل (**خامساً**)، وتقرأ على الوجه الآتي:

**أولاً**: تشكل لجنة عليا برئاسة المحافظ أو رئيس الوحدة الإدارية، وعضوية الجهات المعنية في وزارات العدل، المالية والاقتصاد، البلديات والسياحة، الزراعة والموارد المائية في إقليم كوردستان - العراق، لغرض البت في الطلبات والتأكد من تحقق الشروط اللازمة للتمليك، وللجنة العليا تشكيل لجان فرعية في البلديات المعنية للقيام بالإجراءات الفنية اللازمة.

**ثانياً**: تحدد أسعار قيمة الأرض المتجاوز عليها بدار سكنية على الوجه الآتي:

١- إذا كانت الأرض المتجاوز عليها مفرزة من قبل البلديات قبل التجاوز عليها، تقدر سعرها بمقدار (٢٥٪) خمسة وعشرين من المائة من السعر الحقيقي للأرض، ويتم اعتبار المتجاوز مستفيداً.

٢- إذا كان المتجاوز مستفيداً من الدولة، يضاف عند التمليك مقدار (١٠٪) عشرة من المائة من السعر الحقيقي إلى السعر المشار إليه في البند (١) أعلاه.

٣- إذا لم تكن الأرض المتجاوز عليها مفرزة من قبل البلديات، فتقدر سعرها بمبلغ لا تقل عن (٥٪) خمسة من المائة من السعر الحقيقي للأرض.

٤- كل متجاوز لم يكن ساكنا في الدار المشيدة تجاوزاً، وكان يسكن فيها شخص آخر بمقابل أو بدون مقابل، يضاف عند التمليك مقدار (١٠٪) عشرة من المائة من السعر الحقيقي إلى السعر المشار إليه في البنود (١، ٢، ٣) أعلاه حسب الأحوال.

**رابعاً**: للجنة العليا رفض التمليك إذا كان موقع الدار مخالفا للتصميم الأساسي أو التصاميم الفرعية، ويزال التجاوز على نفقة البلديات، ويحق للمتجاوز التصرف بالمخلفات، وتقوم البلدية المعنية بتعويض المتجاوز دون بدل بقطعة أرض سكنية في حدودها لا تزيد مساحتها على (٢٠٠م٢) مائتي متر مربع.

**خامساً**: لكل متجاوز تسجيل دار متجاوزة واحدة باسمه فقط.

**المادة (٤)**

تعدل المادة (٤) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:

المادة (٤): إذا لم يلتزم الشخص المتجاوز بدفع الثمن المحدد أو المقدر الوارد في الفقرة (ثانياً) من المادة (٣) من هذا القانون، أو لم تشمله الشروط الواردة في المادة (٢) من هذا القانون، يسقط حقه في التمليك وتسجل داره أرضا وما شيد عليها باسم البلدية المعنية، وتباع بموجب القانون رقم (١) لسنة ٢٠٢١ قانون بيع وإيجار أموال الدولة في إقليم كوردستان – العراق، ويسلم لصاحبه قيمة المنشآت مستحقة للقلع من بدل البيع.

**المادة (٥):** تعدل المادة (٦) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:

المادة (٦): تقوم وزارة البلديات والسياحة بإعداد الخرائط والتصاميم والمتطلبات الفنية للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون والتي ليست لها خرائط وتصاميم معدة، خلال مدة لا تتجاوز (سنتين) من تأريخ نفاذ هذا القانون.

**المادة (٦) :** تعدل المادة (٧) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:

المادة (٧): تخصص الواردات المستحصلة بموجب هذا القانون على الوجه الآتي:

**أولاً:** تعاد نسبة (٧٠٪) سبعين من المائة من الواردات المستحصلة إلى وزارة (البلديات والسياحة) لإقليم كوردستان – العراق لمتطلبات وضع الخرائط والتصاميم للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون مع حوافز الموظفين المشاركين في إجراءات تنفيذ هذا القانون.

**ثانياً:** تعاد نسبة (٣٠٪) ثلاثين من المائة من الواردات المستحصلة إلى الخزينة العامة للإقليم لغرض توجيهها نحو الخدمات العامة للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون.

**المادة (٧):** تعدل المادة (٨) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:

المادة (٨): تعامل الدور المهدمة في عهد النظام السابق لأسباب سياسية، وأعيدت بناؤها بعد انتفاضة سنة ١٩٩١ أو بقيت فيها آثارها (مواقع الدور)، وفقا لسائر الأحكام الواردة في هذا القانون، وتقدر سعرها بمقدار (٢٪) اثنان من المائة من السعر الحقيقي للأرض.

**المادة (٨):** لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٩) :** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٠)**

على وزارة البلديات والسياحة إصدار التعليمات الخاصة بتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة خلال مدة لا تزيد على (٦٠) ستين يوما.

**المادة (١١):** تعدل المادة (١٢) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:

**المادة (١٢):** يعمل بهذا القانون لمدة (٣) ثلاث سنوات من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

لغرض سد الثغرات الموجودة في القانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٩، واستفادة عدد أكبر من المواطنين ذوي الدخل المحدود من أراضي الدولة وإيجاد مخرج قانوني للتجاوز الاضطراري، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢١/٨/١٨**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٧) لسنة ٢٠٢١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١٨) بتاريخ ٢٠٢١\٧\٨، قررنا إصدار:

**قانون رقم (٩) لسنة ٢٠٢١**
**قانون إنفاذ وتعديل تطبيق قانون رسم الطابع الإتحادي**
**رقم (٧١) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان – العراق**

**المادة (١):**
ينفذ قانون رسم الطابع الاتحادي رقم (٧١) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان – العراق، ويعدل تطبيقه.
**المادة (٢):**
يعدل تطبيق حكم الفقرة (خامساً) من المادة (٥) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:
**خامساً**: يكون تسديد الرسم المقرر في هذه المادة بالطريقة التي يعينها الوزير، وعلى الوزير فرض فوائد تأخيرية في حالة التأخير عن تسديد الرسم، وينظم ذلك بتعليمات.
**المادة (٣) :**
يوقف تطبيق حكم الفقرة (ثالثاً) من المادة (١٦) من القانون.
**المادة (٤):**
يوقف تطبيق حكم الفقرتين (خامساً) و(سادساً) من المادة (٢٥) من القانون.
**المادة (٥):**
تحل مؤسسات ودوائر إقليم كوردستان – العراق وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها أينما ورد ذكرها في القانون.
**المادة (٦):**
يلغى قانون رسم الطابع رقم (٣) لسنة ١٩٩٣ لإقليم كوردستان – العراق.
**المادة (٧):**
يصدر وزير المالية والاقتصاد التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.
**المادة (٨):**
على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٩):**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٠):**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٦٠) يوما على تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

بالنظر لمضي مدة طويلة على تشريع قانون رسم الطابع رقم (٣) لسنة ١٩٩٣ لإقليم كوردستان – العراق، وللتطور الحاصل في نوعية وحجم الخدمات الحكومية التي تقدم، ولجعل الرسم متناسبا معها، وفي ضوء ما طرأ من تغييرات في قيمة العملة والنشاط الاقتصادي، ولغرض توحيد رسم الطابع في الإقليم مع نظيره في العراق، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢١/٨/١٨**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٨) لسنة ٢٠٢١**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١٨) بتاريخ ٢٠٢١\٧\٨، قررنا إصدار:

**قانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٢١**
**قانون إنفاذ وتعديل تطبيق قانون الاستثمار الصناعي للقطاعين الخاص والمختلط العراقي رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٨ المعدل في إقليم كوردستان – العراق**

**المادة (١):**
ينفذ قانون الاستثمار الصناعي للقطاعين الخاص والمختلط العراقي رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٨ المعدل، ويعدل تطبيقه في إقليم كوردستان - العراق.

**المادة (٢):**
يوقف تطبيق الفقرة (**أولاً**) من المادة (٣) من القانون.

**المادة (٣):**
يعدل تطبيق الفقرة (**ثانياً**) من المادة (٤) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:
**ثانياً**: تحدد التشكيلات الإدارية للمديرية العامة للتنمية الصناعية في الوزارة بنظام يصدره مجلس وزراء إقليم كوردستان – العراق بناءاً على اقتراح الوزير.

**المادة (٤):**

يعدل تطبيق المادة (٧) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**المادة (٧):** أولاً: يشترط في الشخص الطبيعي الذي يتقدم بطلب الحصول على إجازة تأسيس أو تملك مشروع صناعي أن يكون متمتعاً بأهلية الأداء الكاملة باستثناء من انتقلت إليه ملكية المشروع إرثا.

ثانياً: يشترط فى الشخص المعنوي الذي يتقدم بطلب الحصول على إجازة تأسيس أو تملك مشروع صناعي أن يكون مؤسسا أو مسجلا ومجازاً بموجب القوانين النافذة في إقليم كوردستان.

**المادة (٥):**

يعدل تطبيق الفقرتين (**أولاً**) و(**خامساً**) من المادة (٨) من القانون، وتقرآن على الوجه الآتي:

**أولاً**: تخضع المشاريع الصناعية المجازة قبل نفاذ هذا القانون في الإقليم، بخصوص الإعفاء من الضرائب والرسوم لأحكام القانون الذي كان نافذا عند منحها إجازة التأسيس.

**خامساً**: تتولى وزارة التخطيط تحديد المدن المتطورة والأقل تطوراً والأرياف والقرى النائية لأغراض هذا القانون.

**المادة (٦):**

**أولاً**: يعدل تطبيق الفقرة (**أولاً**) من المادة (٩) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**أولاً**: تخصص الجهات ذات العلاقة في الإقليم الأراضي اللازمة للمشروع الصناعي، بشرط ملائمتها مع التصاميم الأساسية للمدن، وتوفر الخدمات اللازمة للمشروع بأجر المثل، ويبقى عقد الإيجار نافذاً طيلة مدة إجازة التأسيس استثناءً من أحكام قانون بيع وإيجار أموال الدولة رقم (١) لسنة ٢٠٢١ النافذ في الإقليم.

**ثانياً**: يعدل تطبيق الفقرة (**ثانياً**) من المادة (٩) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**ثانياً**: تقوم وزارة التجارة والصناعة بالتنسيق مع وزارات الداخلية، والزراعة والموارد المائية، والتخطيط، وهيئة حماية وتحسين البيئة، بتحديد مواقع الصناعات وفق أحكام القوانين النافذة ذات العلاقة لكل محافظة خارج حدود التصاميم الأساسية للمدن.

**ثالثاً**: يوقف تطبيق الفقرتين (**ثالثاً**) و(**رابعاً**) من المادة (٩) من القانون.

**المادة (٧):**

**أولاً**: يعدل تطبيق الفقرة (ثانياً) من المادة (١٣) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**ثانياً**: يعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة ملايين دينار إذا لم يقم بإزالة مخالفته بعد انتهاء المدة المحددة في الفقرة (**أولاً**) من هذه المادة.

**ثانياً**: تضاف فقرة إلى المادة (١٣) من القانون بتسلسل (**سادساً**)، وتقرأ على الوجه الآتي:

**سادساً**: يعاقب صاحب المشروع المستفيد من الإعفاء الكمركي بغرامة تعادل ثلاثة أضعاف قيمة الإعفاء عند استخدامه الوسائل والمواد لغير الأغراض التي من أجلها تم إعفاؤها.

**المادة (٨):**

يعدل تطبيق المادة (١٤) من القانون وتقرأ على الوجه الآتي:

**المادة (١٤):** تؤلف هيئة استئنافية برئاسة وكيل وزارة التجارة والصناعة للشؤون الصناعية وعضوية ممثل عن كل من وزارتي العدل، والمالية والاقتصاد، وهيئة الاستثمار لا تقل درجتهم عن مدير عام، للنظر في الاعتراضات على القرارات المتخذة بشأن المشاريع الصناعية.

**المادة (٩):**

يعدل تطبيق الفقرة (**ثالثاً**) من المادة (١٥) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:

**ثالثاً**: يدفع المعترض رسماً مقداره (١٠٠،٠٠٠) مائة ألف دينار، ويسجل إيراداً نهائياً للخزينة العامة.

**المادة (١٠):**

تحل مؤسسات ودوائر الإقليم وشاغلو المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها أينما ورد ذكرها في القانون.

**المادة (١١):**

يصدر وزير التجارة والصناعة التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٢):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٣):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٤):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

بغية تحقيق التنمية الصناعية في القطاعين الخاص والمختلط بما يسهم في تطوير الإنتاج كماً ونوعاً، ولأجل تعزيز الاستثمار في القطاع الصناعي في المجالات الأكثر أهمية لاقتصاد إقليم كوردستان، وبهدف توحيد الأحكام القانونية النافذة بخصوص مشاريع الاستثمار الصناعي في الإقليم والعراق، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢١/٨/١٨**